# بریارنامەی کۆمیتەی ناوەندی سەبارەت: بە بارودۆخی سیاسی عێراق

1- به حوكمی ئەوەی لە شەری ئاداری ٢٠٠٣ و رووخانی رژێمی بەعس بەم لاوە, ستراتێژی میلیتاریستی و شەر و داگیرکاری ئەمریکا لە عێراق, بوەتە فاکتەری سەرەکی ئاڵوگۆرەکانی ناوخۆی عێراق, بنبەستی ستراتێژی ئەمریکا لە عێراق و دواهەوڵەکانی ئیدارەی بووش بۆ دەربازبوون لەو بونبەستە, فاکتەری سەرەکی ئاڵوگۆر لە بارودۆخی سیاسی ئەمرۆی عێراقە. راپۆرتی بەیکر- هەمیڵتن و "ستراتێژی نوێ"ی بووش, بە راشکاوی ئیعتراف بە جیددی بوونی ئەو بنبەستە دەکەن. هاوکات هەبوونی شکاف و خیلافێکی قووڵ لە باڵاترین ئاستی دەسەڵاتی ئەمریکادا لەسەر رێگاکانی دەرباز بوون لە بنبەست، تەنگژەکانی ئەمریکای لەم بارەیەوە زۆر گەورەتر کردوەتەوە. پێداگرتنی بووش لەسەر ناردنی هێزی سەربازی زیاتر و درێژەپێدانی ستراتێژی میلیتاریستی لەگەڵ موخالەفەتی توندی دێموکراتەکان بەرەوروو بوە، ئەمەش شکستی تا ئیستاو بنبەست و قەیرانی ستراتێژی ئەمریکای قووڵتر کردۆتەوە. لەحاڵێکدا کە هیچکام لە دوو باڵی دەسەڵاتی ئەمریکا (کۆمارخواز و دێموکرات) نایانەوێو ناتوانن رێگایەکی سیاسی کارساز بۆ دەرباز بوون لە بونبەستی خۆیان و کۆتایی هێنان بە شەر و داگیرکاری و سیناریۆی مەئساتی هەمەرۆژەی کۆمەڵگای عێراق دەسنیشان بکەن, پەلەقاژەی بێسەمەری بووش بۆ بە "سەرکەوتن" گەیاندنی ستراتێژیە فاشیلەکەیان, ئەوەندەی تر کۆمەڵگای عێراق لە گۆمی خوێندا نوقم دەکات.

2- شکستی ستراتیژی ئەمریکا لە عیراقو دانپیدانان بەم شکستە لەلایەن دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکاوە بە رەسمی راشکاوانە، هەروەها پیداگری دووبارەیان لەسەر دریژەدان بەو ستراتیژە مایەپوچە بە ناوی "ستراتیژی نوێ"ەوە، گشت سیاسەتەکانی ئەمریکای لەبەردەم مەترسی شگستو ناکامیەکی گەورە بەرەوروو کردوە. ئەمە فاکتەریکی کاریگەرە بۆ توندبونەوەی رەوتی کردنەدەرەوەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیو کۆتیهینان بە داگیرکاری.

3- شکستی ئەمریکا لە عیراقدا، خۆبەخۆ ناکاتە سەرکەوتنو بەدیهاتنی بەرەی ئازادیخوازی موتەمەدن نە لە عیراقو لە ئاستی ناوچەکەو جیهاندا. ئەو هیزو بەرەیەی کە دەوری سەرەکی دەگیریت لە بەشکست کیشانی ئەمریکادا، جلەوەی ئەوەی دەکەویتە دەست کە ئایندەی سیاسی عیراق بە پێی ئاسۆی خۆی بنەخشینێ. ولقعیەتەکانی تا ئیستاو تیوەچونی ئیسلامی سیاسی لە شەرو بەرامبەرکێیەکی تیرۆریستیدا لەگەل ئەمریکا، هەروەها پەراویزمانەوەی بەرەی چەپو ئازادیخواز لەم نەبەردەدا. دەبیتە مایەی تەواوبونی ئەم بەرامبەرکێیە بە سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی. ئەمەش مەترسی گەوەری ئەوە پیکدەهینیت کە بالادەستی ئیسلامی سیاسی سیناریۆی رەشی ئەم بزووتنەوەیە بکاتە میراتگری ئەو سیناریۆ رەشەی ئەمریکا خولقاندویتی.

4- بونبەست و قەیرانی ستراتێژی ئەمریکا هەر ئێستا دەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بۆ تەقویەتی هەمەلایەنە و بە چەك و پارە تەیار کردنی میلیشیا ئیسلامیەکانی گرێدراوی خۆی ئاواڵەتر کردوە. مەبەستی راستەوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران لەم قۆناغەدا یەکلایی کردنەوەی دەسەڵات لە عێراق بە قازانجی سەرکەوتنی قەتعی گرووپە شیعەکانی وابەستە بە خۆیە و لەم رێگایەدا دەس لە هیچ پیلانگێری و ئاژاوەنانەوە و خوێن رشتنێك و تێکدانی زیاتری ژیان و ئاسایشی خەڵکی عێراق ناپارێزێ.

5- ئێستا عێراق بە کردەوە بوەتە مەیدانی چەندین شەرو کێشە و ململانەی توند. جمهوری ئیسلامیش یەکیکە لە فاکتۆرە ئەصلیەکانی ئەم کیشمەکیشو ململانێیە. لە هەمانکاتدا چەندین بەرە لە شەر و تیرۆر و شەری ناوخۆیی (تائیفی) و راونان و پاکسازی ناوچەیی کە شانبەشانی یەکتر لەئارادان و هیچ نیشانەیەك لە هێور بوونەوەیان بەدی ناکرێ. رەوتی رووداوەکان ئەو مەترسیە گەورە دەکاتەوە کە لە پاڵ شەری سێکتە ئیسلامیەکاندا, شەری قەومیش لە بەغدا و کەرکووك و شوێنی تر بقەومێ و پەرە بستێنێ.

6- شکستی مەهزەلەی "پرۆسەی دێموکراسی", سازدانەوەی "دەوڵەت" و "پەرلەمان" و "دەستووری هەمیشەیی" و "فیدراڵی" لە عێراقێکدا کە لە ژێر باری شەر و داگیرکاری ئەمریکا و دەستێوەردانی بەئاشکرای کۆماری ئیسلامی ئێران و شەری ناوخۆیی دا دەناڵێنێ, بوەتە واقیعێك کە هیچ لایەنێك ناتوانێ حاشای لێ بکات. نە حکوومەتی مالیکی و نە بەدیلی تر کە بەدوای وەلانانی ئەودا بێتە سەر کار ناتوانن دەزگایەکی دەوڵەتی بۆ عێراق دامەزرێنن کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو وڵاتەدا بچەسپێنێ.

7- نەبوونی ئەمنیەت زیاتر لە جاران بوەتە سەرەکیترین کێشەی کۆمەڵگا و نە هێزی کۆن و نوێی ئەمریکا و نە حکوومەتی مالیکی و نە باندە ئیسلامی و قەومیە میلیشیاییەکان لە ماهیەت و توانایاندا نیە کە وەڵامی ئەو کێشە سەرەکیەی کۆمەڵگا بدەنەوە, بەڵکوو بەپێچەوانە حوزوور و ململانەی چەندلایەنەیان, کاریگەری سلبی کوشەندەی لەسەر سەرجەم بارودۆخی ئەمنی کۆمەڵگا داناوە.

8- لە پاڵ کێشەی نەبوونی ئەمنیەتی گیانی هاووڵاتیان دا, کێشەی هەژاری و نەبوونی موتڵەقی ئەمنیەتی ژیانی ئابووریش بوەتە کێشەیەکی سەرەکی کۆمەڵگا. ئەزمەی سووتەمەنی لەو وڵاتە پرنەوتەدا بوەتە نموونە. نەبوونی سەرەتایی ترین پێداویستیەکانی ژیان بۆ زۆربەی هەرە زۆری خەڵك بوەتە گرفتێکی لەچارەنەهاتوو. داهاتی نەوت و یارمەتی زۆر و زەبەندی مالی لە دەرەوە, لە جەنگەی بێ

سەرەوبەرەیی دەزگا "دەوڵەتی"یەکان و گەندەڵیەکی بەرین کە سەرتاپای دەسەڵاتی داگرتووە, یەکسەر دەچێتە کیسەی باندە میلیشیاییەکان و بەوەش دەتوانن خەڵکی هەژار و برسی بەکیش کەنو بیانکەن بە زەخیرەی میلیشیاکانی خۆیان.

٧- پلینۆمی نۆزدەی حککع لە بەرامبەر ئەم وەزعە مەئساویەدا کە خەریکە بە خێراییەکی سەرسوورهێنەر کوللی کۆمەڵگا بەرەو نوقمی نابوودی رادەماڵێ, تەئکیدی جیددی لەسەر پێویستی پەرەپیدانی خەبات دژی داگیرکرایو بە مەبەستی کردنە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، هەروەها وەڵامدانەوەی فەوری بە هەر دوو کێشەی نەبوونی ئەمنیەتی گیانی و ئەمنیەتی ژیانی ئابووری هاووڵاتیان دەکات و بۆ ئەم مەبەستە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە:

- بۆ ئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بتوانی لەم دەورە سەختو حەساسەدا، دەوری خۆی بگیریتو بە کردەوە وەکو رابەری بەرەی ئازادیخوازیو موتمەدن دەرکەویت بۆ دەرهینانی کۆمەڵگا لە سیناریۆی رەشی داگیرکاریو شەرو تیرۆریزم، لە هەمووکات زیاتر پیویستە بە نەخشەوە هەنگاو هەلگری بۆ تەبدیل بوون بە حیزبیکی سیاسی گەورەو جەماوەریو مەحکەم. لەم بارەیەوە مەکتەبی سیاسی دەبی هەنگاوو نەخشەکانی خۆی رۆشن بکاتەوەو دەستبەجێ هەنگاوی بۆ هەلگری.

- پەرەپیدانی خەباتیکی هەمەلایەنە لە ئاستی عیراقو جیهاندا، لە دژی ستراتیژی شەرخوازانەو ملهورانەی ئەمریکا لە عیراق، هەلخراندنی هیزی گەورەو هینانی فشاریکی بەرینو هەمە لایەنە بە مەبەستی ناچارکردنی هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکان بە چونەدەرەوە لە عیراق.

- ریکخستنی ریزەکانی خەڵكو هینامەیدانی ئیرادەی جەماوەر لە مەئزەقی ئیستا. لەم بارەیەوە حککع بانگەوازی کۆمەڵانی خەڵك دەکات بۆ ئەوەی بەریزی بەرینی جەماوەری لە دەوری مەنشوری "کۆنگرەی ئازادی عێراق"، کۆببنەوە. حککع لە هەموو کادر و ئەندامانی خۆی داوا دەکات بەوپەری هەستکردن بە بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی بۆ یەکگرتوو کردنی کۆمەلانی خەڵك لە ریزی "کۆنگرەی ئازادی عێراق"و سەرخستنی کارەکانی کۆنگرەدا، هەڵسووراوانە تێبکۆشن.

- مەکتەبی سیاسی حیزب دەبێ بە زووترین کات پلاتفۆرمی موشەخەس بۆ وەڵامدانەوە بە کێشەی نەبوونی ئەمنیەتی هاووڵاتیان لە هەلومەرجی دوای بونبەستی ستراتێژی ئەمریکادا ئامادە بکات و بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ "کۆنگرەی ئازادی عێراق"دا جێبەجێی بکات. تەقویەتی "قوەی ئەمان" هەروەك جاران لە دەستووری حیزبدا دەبێ.

- مەکتەبی سیاسی حیزب هەروەها دەبێ بە زووترین کات پلاتفۆرمی موشەخەس بۆ وەڵامدانەوە بە کێشەی هەژاری و نەبوونی ئەمنیەتی ژیانی ئابووری هاووڵاتیان ئامادە بکات. ئەم پلاتفۆرمە دەبێ لە پاڵ داخوازە ئابووری و مەعیشەتیەکانی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکدا, بەتایبەتی لەسەر دابین کردنی فەوری بیمەی بێکاری لە داهاتی نەوت و بوودجەی دەوڵەت بۆ هەمووان جەخت بکات. حککع دەبێ هەوڵ بدات یەکیەتیە کرێکاریەکان و رێکخراوە جەماوەریەکان لە دەوری ئەو پلاتفۆرمە یەکگرتوو بکات.

- پلینۆمی نۆزدەی حککع داوا لە م.س. دەکات کەمپەینێکی بەرین لە دەرەوەی وڵات بە دژی شەر و داگیرکاری ئەمریکا و بە دژی رەوتە ئیسلامی و میلیشیاییەکان و دەستێوەردانی بەئاشکرای کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق, بەرپا بکات.

- پلینۆمی نۆزدەی حککع بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی سیاسی ئەمرۆی عێراق و واقیعیەتی جیاواژی ناوچە کوردنشینەکان, جارێکی تر لەسەر پێویستی بەرپا کردنی رێفراندۆمیك لە ناوچە کوردنشینەکان تەئکید دەکاتەوە، بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی خۆیان.

پلنیۆمی 19ی کۆمیتەی ناوەندی

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق

1ی شوباتی 2007